www.kurdistannet.org

دوێنێ (٢١)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ تەلەفزیۆنی (کوردسات) لە سلێمانی لە دەنگوباسەکانی خۆیدا لەبارەی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان، هەندێک زانیاریی چەوتی بڵاو کردەوە. لەمانەش، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی قوتابخانەی ناوەندی شۆڕشی کچان لە هەولێر. لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە قوتابخانەی ئامادەیی شۆڕش، لەم بارەیەوە ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوەی دا:

بەپێچەوانەی ئەوەی کە تەلەفزیۆنی کوردسات ڕای گەیاند، یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢١)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا براوە بووە. بڵاوکردنەوەی ژمارەی دەنگەکانیش بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان بەجێ دەهێڵین.

بۆ ڕاستکردنەوەی هەواڵە چەوتەکەی (کوردسات) ناچاربووین ئەم ڕوونکردنەوەیەمان نووسی. ئەوەی ئێمە ئاگادار بین هەواڵەکەی کوردسات ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی زۆر قوتابخانەی تریشی بەهەڵە ڕاگەیاندووە. کە ئەمەش شێواندنی ڕاستییەکانە و نابێ ڕاگەیاندن بیکات. لەگەڵ ڕێزماندا.

لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
ئامادەیی شۆڕشی کچان
٢٠٠٣/١٢/٢٣